مندلاوی وسید حکیم جەخت دەکەنەوە سەر چڕکردنەوەی کۆششەکان بۆ سەرخستنی بەرنامەی حکومی

جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران محسن مندلاوی وسەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی سید عەمار حەکیم ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە جەختیان کردەوەسەر چڕکردنەوەی کۆششەکان بۆ سەرخستنی کاری حکومی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی مەندلاوی لەبەیاننامەیەکدا کەدەست ئاژانسی هەواڵی عێراقی کەوت وتی" مەندلاوی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ وەکالەت لەنووسینگەکەی خۆیدا پێشوازیکرد لە سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی سەید عەمارحەکیم بەئامادەبوونی ژمارەیەک ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

بەیاننامەکە وتیشی کە لەدیدارەکەدا باسکرا لە پێشهاتە سیاسیەکانی ناوخۆو ڕێڕەوی گرنگی ئەنجومەنی نوێنەران لە سەقامگیرکردنی باری سیاسی وئەمنی و ئابووری لە یاساڕێژکردنی یاسا گرنگەکان بەتایبەت ئەویاسایانەی کە پەیوەستن بەژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە.

هەروەها هەردوولا جەختیان کردەوەسەر گرنگی چڕکردنەوەی کۆششەکان بۆ سەرخستنی کاری حکومەت.

هەروەها لەمیانەی دیدارەکەدا باسکرا لەهەڕەشەکانی قەوارەی زایەنی بەسەرکەرتی غەززە کە لێکەوتەی بەسەر سەقامگیری ناوچەکەدا هەیەو پەیوەستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ڕاوەستاندنی ئەم جەنگە خوێناویە.